www.kurdistannet.org
20/06/2002 23:33

# مارکس بۆ ف. أز سورج

لەندەن، لە ١٩ تشرینی یەکەم/١٨٧٧

و/ سەلام عەبدوللا

. . . ڕۆحێکی بۆگەن لە حزبەکەمان لە ئەلمانیا دەردەکەوێت، هێزەکەیشی لە نێو جەماوەر بە قەد هێزەکەی لە نێو رابەرەکانی (چینی بالا و ( (کرێکاران) ) نییە. ئەو سازان ورێککەوتنە لە گەڵ لاسالییەکان بوو بەهۆی سازان و رێککەوتن لە گەڵ توخمە هەڵپەرستەکانی تریش: لە بەرلین (بروانە مۆست) لە گەڵ دوهرینگ و ( (سەرسووڕماوەکان) ) ی، دەبووایە ئێمەش لە گەڵ چەتەیەکی تەواویش لە سەگکەلی نیوە پێگەیشتوو و دکتۆری سەرووی دانایی لە خاوەن بروانامەکان، بڕۆین کە دەیانەوێت هێڵێکی ( (ئیدیالی بالا) ) ی بە سۆسیالیزم بدەن، واتە خستنەبەری لە بنچینە ماددییەکەی (کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی بابەتییانەی جدی دەویٚ لە هەر کەسێك بییەوێت بەکاری بهێنێت) بە میتۆدۆلۆژیای سەردەم لە گەڵ خواوەندەکانی دادوەری، ئازادی، یەکسانی و برایەتی. دوکتۆر هۆشیرخ کە گۆڤاری دوارِۆژ دەردەکات، نوێنەری ئەم هێڵەیە و پێموایە ( (ڕێگاکەی) ) بۆ ناو حیزب–بە ( (خاوێنترین) ) نیاز بریوە، بەلآم من هەرگیز بایەخ بە ( (نیازەکان) ) نادەم. هیچ شتێك لە بەرنامەکانی لە گۆڤاری (دوارِۆژ) سووك و ڕسواتر نییە کە لەوانەیە بە ( (پڕپووییەکی خاکی) ) ڕۆشنایی ببینیٚ.

کاتیٚ خودی کرێکاران وەك بەڕێز موست و هاوکارەکانی و دەبن بە هونەرمەندی پیشەیی، هەمیشە زیانی ( (تیئۆری) ) بەرهەم دەهێنن. ئەوانە هەمیشە ئامادەن بچنە ریزی سەرشێواوەکان لە جەماعەتە کە ناویان ( (رۆشنبیر) ) ە. سۆسیالیزمی یۆتۆبیایی بە تایبەتی کە چەندین دەیە، بە ڕەنج و ماندبوونێکی زۆرەوە بەسەر برد، لە سەری کرێکارە ئەلمانەکان دەرکرد–ئازادبوونیان لێی، هێشتی لە باری تیئۆری (و پاشان بە کردەوەش) لە فەرەنسی وئەنگلیزەکان سەرکەوتووتر بن–سۆسیالیزمی **یۆتۆپی**، یارییەکە بە تابلۆی وەهمی لە سەر بونیادی کۆمەڵگای داهاتوو، سەرلەنویٚ وەك ئاگری ناو دەغڵ بلآودەبێتەوە، تا رادەیەکی زۆر، بەشێوەیەکی زۆر نزمتر، نەك تەنها لە بەراوردکردن لە گەڵ یۆتۆبییە فەرەنسی و ئەنگلیزە گەورەکان، بەڵکو تەنانەت لە گەڵ. . . (وایتلیغ) یش. ئەوەش زۆر سرووشتییە کە یۆتۆبییەکان کە پێشی سەردەمی سۆسیالیزمی رەخنەگری ماددیانە، ئەم سۆسیالیزمە دواییە وەك ئاودانێك لەناو هەناویدا شاردووەتەوە، ئێستا، پاش بەسەرچوونی کاتەکەی، ناتوانیٚ ببیٚ بە شتێکی تر، تەنها هیچ وپوچ، نزمی نەبی و لە پەنجەی پێیەوە تا بان سەری کۆنەپەرەست. . . .

٦/١٨